# یادکردنەوەی مارکس بۆچی؟

کەم نین ئەو ئینسانانەی دەورو نەخشی زۆر جدییان لەسەر چارەنووسی ئینسان هەبووە و خاڵی وەرچەرخانیان لە ژیانی سەرجەم بەشەرییەت تۆمار کردووە. کە زۆرێک لەو زاناو فەیلەسوفانە بۆ هەتا هەتایە جێگای ڕێزو تایبەتیان لە دڵی بەشەردا هەیە.

ئەوەی مارکس جیا دەکاتەوە لە فەیلەسوفەکانی تر ئەوەیە , کە ئەم تەنها فەیلەسوفێک نەبوو لە بوارێکی تایبەتدا . بەڵکو ڕابەرو مامۆستای پرۆلیتاریای جیهانی. دامەزرێنەری کۆمۆنیزمی زانستی و فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالیکتیکی و مێژوویی و ئابووری زانستی ڕامیاری بوو .

ئەو توانی لەسەردەمی خۆیداو لەوسەردەمەی کە سەرمایەداری شکڵ و شێوەیەکی کامڵتری بەخۆی ئەداو پەلوپۆی بەهەموو جیهاندا ڕائەکێشا و بێبەزەییانە گیانی مرۆڤی ئەهاڕی لە پێناو کەڵەکەکردنی سەرمایەدا . توانی پەنجە بخاتە سەر ناکۆکیەکانی ئەم سیستەمە بە ئینسان و تیۆرێکی کاملٚ تەسلیم بە ئینسانە زەرەر مەندەکانی سایەی سیستەمی سەرمایەداری بکات.

مارکسیزم وەکو زۆرێک لە فەلسەفەو زانستەکان تەنها نەبووە وانەیەک لەناوزانکۆکان و لەنێوان کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران گفتوگۆو کێشمەکێشی لەسەر بکرێ. بەڵکو وەکو یەک بزووتنەوەی سیاسی بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەم سەری دونیاوە بۆ ئەوسەری لە جولەدا بوو.

سەرەنجام جیهان , لە ئەنجامی ئەو کێشمەکێشانەدا بەسەر دوو بلۆکدا دابەش بوو بۆ زیاتر لە نیو سەدە. کۆتاییەکەشی بەمەرگی کۆمۆنیزم ناوزەدکرا.
بەلام سەرەڕای تەپلو زەنایەکی زۆر بۆ مەرگی کۆمۆنیزم, تائێستاش ئاڵا هەڵگرانی مارکسیزم کەم نین لە دونیاداو تا دەگاتەوە کوردستانی خۆشمان, کە وجودی زیندوی بەشێوەی جۆراوجۆر لەمەیدانە جۆراوجۆرەکانی سیاسیماندا هەیە.

سەرەڕای نیگەرانیەکی زۆری بەشەر بەداهاتووی بەشەرییەت لەسەردەستی کێشمەکێشی هێزە گەورەکانی دونیا, کە هەست دەکرێ ئەم جیهانە لەسەرپشکۆیەک لەئاگرە , کەچی مارکسیزم نەیتوانیوە وجودێکی جدی خۆی بسەپێنێتەوەو جارێکی تر بێتەوە مەیدان !.

هەربۆیە ( ماڵپەڕی دەنگەکان)بەباشی زانی لە یادی ئەو کەڵە فەیلەسوف و ڕابەرەی پرۆلیتاریادا بەم چەند پرسیارە ی خوارەوە کۆمەڵێک لە نووسەرو سیاسەتمەدار بەسەر کاتەوە , بۆ هەرچی زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو پرسیارە بێ وەلامانەی لە دوای ڕوخانی بلۆکی شەرقەوە تائێستا درێژەیان هەیە. .

<u>پرسیارەکان</u>

دەنگەکان: پاش ئەم گۆڕانکارییە سیاسیی و ئابوریی و کۆمەلایەتییانەی لە ماوەی ئەم سەدەو نیوەدا بەسەر مرۆڤایەتی هاتووە ، ئاسۆیەکی تر ، گەڕانەوەیەکی تر، بۆ مارکسیزم چۆن دەبینیتەوە ؟؟

دەنگەکان: ئایا مارکسیزم ، بەهای تازەگەری خۆی لە دەست نەداوە ، ئەگەر لە دەستی نەداوە چۆن دەتوانێ حزووری خۆی ، گونجانی عەمەلی خۆی لە چەرخی بیست ویەکدا بسەلمێنێ ؟

دەنگەکان : ئەوەی لە سۆڤییەت و وولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەلات ڕوی دا ، هەرەسی ڕژێمە عەسکەرتاریەکان بوو ، بەلام لە بەر هەر هۆیەک بووبێ لە باری مێژوویەوە تا ئەمڕۆش ، ئەم هەرەسە کراوەتە ئۆبالێکی گەورە ، بە سەرمارکس و مارکسیزمدا ، بەڕای ئێوە ئەمەی ڕووی دا ، هەرەسی چی بوو ؟

دەنگەکان : لەڕۆژگاری ئەمڕۆ دا ، ئێوە چۆن دەڕواننەچەمکەکانی : - دیکتاتۆری پرۆلیتارییا، کۆمۆنیزم ؟

دەنگەکان : دەوری مارکسیزم لەسەر چەپی کورد لە رابردوو ئێستادا چۆن دەبینن ؟

---

لێرەشدا جێی خۆیەتی سوپاس و پێزانینی دەنگەکان ئاراستەی ئەو نووسەرو سیاسەتمەدارانە بکەین کە لە کاتی خۆیان گرت , بۆ وەلامدانەوەی پرسیارەکانمان .

هەروەها سوپاسی ئەم برادەرانە دەکەم کە دلسۆزانە بەشدار بوون لە شکۆمەند کردنی ئەم یادەدا
عەلی مەحمود محەمەد
سمکۆ کەریم
شلێر رەشید
ڕزگار عومەر

گۆران عەبدوللا
بەرێوەبەری مالپەڕی دەنگەکان
**14-03-2005**